بسم الله الرحمن الرحيم

# ﴿نوێژی جەماعەت (واجبە) لەسەر هەموو پیاوێکی موسڵمان﴾

بزانە برای موسڵمان کە زانایانی ئیسلام بە گشتی باوەڕیان وایە ئەنجامدانی پێنج نوێژەکە بەجەماعەت لە مزگەوت دا لە گەورەترین پەرستنەکانەوەو مەزنترین شیعاری ئیسلامەو خێرێکی زۆری هەیە وەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت(نوێژی جەماعەت خێری زیاترە لە نوێژی بە تەنهای بە ٢٥پلە،وەلە ڕیوایەتێکی تردا دەفەرموێت (بە ٢٧ پلە)فەرمودەکەش ڕاستە.بەڵام زانایانی ئیسلام بۆچونیان جیاوازە سەبارەت بە حوکمی نوێژی جەماعەت)

## أ-کۆمەڵەی یەکەمی زانایان دەڵێن:

جەماعەت سوننەتێکی تەئکید لەسەر کراوەو واجب نییە.

## ب- کۆمەڵەی دووەمی زانایان دەڵێن:

جەماعەت واجبە بکرێت لە هەموو گوندو شارێکدا لەناو هەموو کۆمەڵێدا،بەڵام واجب نییە لەسەر هەموو پیاوێکی موسڵمان،بەڵکو ئەگەر کۆمەڵێك پێی هەستان ئەوا لەسەر ئەوانی تر لادەچێت.واتە (فەرزی کیفائی)یە.

## ج-کۆمەڵەی سێیەمی زانایان دەڵێن:

جەماعەت واجبە لەسەر هەموو موسڵمانێکی پیاو کە عوزری نەبێت:وەئەم ڕەئیەی سێیەم بەڵگەی قورئان و حەدیسی لەسەرەو هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) بەجێیان هێناوە،مەزهەبی ئیمامی (أحمد)و زۆر لەزانایانی فیقە و حەدیس ئەم بۆ چوونەیان بووەو ئیمامی (نەوەوی) لە کتێبی (المجموع شرح المهذب)دا فەرموویەتی:(ئەم ڕای سێیەمە ڕای دوو لە زانا گەورەکانمانە کە بالادەستن لە فیقە و حەدیس کە بریتین لە :أبو بکر بن خزیمة،وابن المنذر)وە ئیمامی ڕافعی فەرموویەتی:دەڵێن ئەمە قسەی ئیمامی شافعیە) وە ابن المنذر:دەفەرموێ ئیمامی شافعی فەرموویەتی: (ڕێگە نادەم بە کەسێك کە بتوانێت نوێژی جەماعەت بکات و نەچێت مەگەر عوزری هەبێت ڕوخسەتی بۆ هەیە)بەڵگەش لەسەر ڕاستێتی ڕای سێیەم ئەمانەی خوارەوەیە:

## ﴿یەکەم لەقورئاندا﴾

١-خوای گەورە فەرموویەتی﴿وإذَا كُنت فِيهم فَأَقمت لَهم الصلاةَ فَلْتقُم طَآئِفَةٌ منهم معك........﴾ سورة النسـاء (١٠٢). واتە ئەگەر لەگەڵیان بوویت لەکاتی ترس دا ئەوا نوێژەکەتان بەجەماعەت بکەن.

أ-خوای گەورە فەرمانی بەو موسڵمانانە کرد کە لەگەڵ پێغەمبەرن(ﷺ) لە کاتی ترس دا لە جەنگدا کە بەجەماعەت نوێژی لەگەڵ بکەن،وە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە نوێژ بەجەماعەت واجبە لە کاتی ترس دا کەواتە لە کاتی ئاسایی دا زیاتر پێویستە.

ب- هەروەها لەبەر خاتری بە جەماعەت نوێژ کردن (لەکاتی جەنگدا)چەندان ڕوکن و پێویستی ناو نوێژ چاو پۆشییان لێ دەکرێ و موخالەفە کردنی ئیمامیش ڕێگەی پێدراوە،جا ئەگەر نوێژ بە جەماعەت واجب نەبوایە لەسەریان ئەوا ئەم هەموو شتە واجبانەی ناو نوێژ چاوپۆشی لێ نەدەکرا.

٢-خوای گەورە فەرمانی بە موسڵمانان کردوە کە نوێژ بکەن لەگەڵ نوێژ کەران واتە بە جەماعەت وەك دەفەرموێت: {وَأَقِيمواْ الصلاَةَ وَآتواْ الزكَاةَ وَاركَعواْ مع الراكِعِين} سورة البقرة (٤٣).وە ئەم فەرمانەش بۆ واجب بوونە.

## ﴿دووەم لە سوننەتی پێغەمبەردا(ﷺ)﴾

١-پێغەمبەر (ﷺ)فەرموویەتی: (ئەوەی بانگ ببیستێ‌و نەیەت بۆ نوێژی جەماعەت بەبێ عوزر ئەوا نوێژەکەی بۆ نییە).واتە تەواو نییە.فەرموودەیەکی ڕاستە لە کتێبی (صحيح الترغيب والترهيب)دا هاتووە.

٢- پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (هەرسێ کەسێك لە گوندێك یان لە شارێك بن و جەماعەتیان تێدا نەکرێت ئەوا شەیتان زاڵ بووە بەسەریاندا).کەوا بوو لەگەڵ جەماعەت بن چونکە (گورك تەنها مەڕی دابڕاو دەخوات لە مێگەل). (صحيح الترغيب والترهيب).

لەم فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ)دا دەردەکەوێت کە جەماعەت واجبەو،وازهێنان لەم واجبە ڕێگا خۆشکەرەو هۆیەکی سەرەکیە بۆ زاڵ بوونی شەیتان بەسەر مرۆڤدا.وەئەگەر جەماعەت تەنها سوننەت بوایە،ئەوا واز هێنان لە سوننەتێك نابێتە هۆی زاڵ بوونی شەیتان بەسەریاندا.هەروەك لە حەدیسی کابرای عەرەبی دەشتەکی دا دەردەکەوێت کاتێك پرسیاری لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد(چەند

نوێژی لەسەر واجبە،فەرمووی تەنها پێنج نوێژ،مەگەر حەز بکەی سوننەتەکان بکەی،کابرا ووتی:والله لەم پێنجانە زیاتر ناکەم و هیچ سوننەتێك ناکەم.) پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (أفلح إن صدق)،سەرکەوتووە ئەگەر ڕاست بکات نوێژە واجبەکان ئەنجام بدات با سوننەتەکانیش نەکات،وە مرۆڤی سەرکەوتوو ڕزگار بوو شەیتان زاڵ نابێت.

بەسەریا،کەواتە ئەگەر جەماعەت تەنها سوننەت بووایە و واجب نەبوایە ئەوا نەکردنی نەدەبووە مایەی دۆڕان بەرامبەر شەیتان و زاڵ بوونی شەیتان.جا وورد بەوە لەم باسە!!!

٣-وە لەفەرموودەیەکی تردا هاتووە (کە گرانترین نوێژ لەسەر مونافیقەکان نوێژی عیشا و نوێژی بەیانییە،وە ئەگەر بزانن چەند خێریان تێدایە ئەوا ئامادەی جەماعەتی ئەو دوو نوێژەش دەبوون ئەگەر لەسەر ئەژنۆش بۆی بخشێن بە گاگۆڵکە)!!.وە نیازم بوو کە فەرمان بکەم بەیەکێك کە جەماعەتەکە بۆ خەڵکی بکات و خۆشم بڕۆم لەگەڵ کۆمەڵە پیاوێك کە باقە داریان پێبێت بۆ لای ئەو کەسانەی کە نایەن بۆ نوێژی جەماعەت بۆ ئەوەی خانوەکانیان بەسەر دا بسوتێنم.(بوخاری وموسلم ئەم فەرموودەیان گێڕاوەتەوە).وە لە ڕیوایەتێکی تردا لای ئیمام أحمد دا هۆی هەڵنەستانی بە سوتاندنیان ڕوون کردۆتەوە کە لەبەر خاتری ئەو ژن و منداڵانەیەکە لەناو خانوەکاندان و بێ گوناهن و ناکرێت بەهۆی سوتانی پیاوە تاوانبارەکان کە نەهاتوون بۆ جەماعەت ژن و منداڵی بێ تاوانیش بسوتێن.

وە هەندێك لە زانایان دەڵێن بۆیە هەڵنەساوە بەسوتاندنی خانوەکانیان بەسەریاندا،چونکە دروست نییە جگە لە خوادا کەس بەئاگر تاوانباران سزا بدات جالەم حەدیسەدا دەردەکەوێت کە واجبە چوون بۆ مزگەوت بۆ نوێژی جەماعەت،جا ئەگەر واجب نەبوایە لەسەر هەموو پیاوێك و تەنها سوننەت بوایە یان بەئەنجام دانی کۆمەڵێك لەسەر ئەوانی تر لابچوایە ئەوا ئامادە نەبوونی نەدەبووە شایستەی بیر کردنەوەی سزادانی بە سوتاندن،چونکە وازهێنان لە واجب شایستەی سزادانە نەك وازهێنان لە سوننەت.وەك لە زانستی (اصول الفقه)دا باس کراوە.کەواتە وازهێنان لە جەماعەت گوناهێکی گەورەیەو تاوانێکی ترسناکە و لە سیفەتی مونافیقانە،بە تایبەتیش وازهێنان لە جەماعەتی بەیانیو عیشا.

## ﴿پوچەڵ کردنەوەی گومانێك﴾

برای موسڵمان: دروست نییە بەستنەوەی ئەم سزایە بەواز هێنان لە (نوێژی جومعە)چونکە حەدیسەکە بە تایبەت باسی نوێژی بەیانی و عیشا دەکات.

وە هەروەها دروست نییە بەستنەوەی سزاکە بە مونافیقان چونکە پێغەمبەر(ﷺ) سزاکەی بە ستۆتەوە بەوانەی ئامادەی جەماعەت نابن بە گشتی نەیبەستۆتەوە بە مونافیقانەوە.

وەك لە ڕیوایەتێکی لای ئیمام أحمد بە ڕوونی هاتووە کە فەرموویەتی (إني لأهم أن أجعل للناس إماما،ثم أخرج ،فل أقدر على إنسان يتخلف عن الصلاة في بيته إلا أحرقته عليه)واتە (هەر مرۆڤێك) بەردەست کەوێت لەماڵەوە جاهەرکەسێك بێت مونافیق بێت یان موسڵمان کە دوا کەوتبێت لە نوێژی جەماعەت ماڵەکەی بەسەر دا دەسوتێنم.دیارە ووشەی ئینسان گشتییەو تایبەت نییە بە مونافیق. وەهەروەها پێغەمبەر(ﷺ) سزای مونافیقانی نەدەدا لەسەر نیفاقیان، چونکە نیفاق تاوانێکی دەروونییە و نادیارە وە خودا پێی ئاگادارە بەڵام سزای دەدان لەسەر تاوانە دیارو دەرەکییەکان جا ئەگەر ئامادە نەبوونی جەماعەت تاوان نەبوایە ئەوە پێغەمبەر (ﷺ) بیری لە سزادانیان نەدەکردەوە بە سووتاندن.

٤- باوکی أُمامە (خوای لێ ڕازی بێت)فەرمووی: (عبد الله ی کوڕی دایکی مکتوم هات- کە کوێرە -بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) وە پێی فەرموو: ئەی پێغەمبەری خوا من بەم شێوەیەم کە دەمبینی أ-بەساڵاچووم ب-ئێسقانم نەرم بووە ج-بینینم نەماوە د-کەسیشم نییە هەموو ڕۆژێك بم هێنێت بۆ مزگەوت هـ-ماڵیشم دوورە ولەڕێگاش دار خورماو درەختی لێیە)جا ئایا ڕوخسەتێك هەیە بۆ من نوێژ لەماڵەوە بکەم ،!! پێغەمبەر (ﷺ) لەسەرەتادا ڕوخسەتی پێداو کە پشتی کردەوە بۆ ڕۆیشتن بانگی کردەوەو پێی فەرموو ئایا گوێت لەبانگە لەماڵەوەدا ؟ ووتی بەڵێ،پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو :دەی بەدەنگ بانگەوە وەرە هیچ ڕوخسەتێکم پێنییە بۆت )!!

## ﴿سێیەم بەڵگە لەسەر واجبێتی جەماعەت لە سوننەتی صەحابە﴾

یەکەم:عبدالله ی کوڕی مەسعود فەرمووی : (ئەوەی پێی خۆش بێت کە بەیانی بەموسڵمانی بە خوا بگات ،بائەو پێنج نوێژانە بە جەماعەت بکات لەو شوێنەی کە بۆیان بانگ دەدرێ واتە لە مزگەوت دا..وە ئەو پێنج نوێژانە لە مزگەوت بە جەماعەت لەسوننەتی پێغەمبەرن (ﷺ) ،وە ئەگەر ئێوەش لەماڵەوە نوێژ بکەن ،ئەوا وازتان هێناوە لە سوننەتی پێغەمبەرەکەتان (ﷺ) ، وە ئەگەر وازیش بێنن لە سونەتی پێغەمبەرەکەتان (ﷺ) ئەوا گومرا بوون .

وە ئێمە لەسەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) کەس دوا نەدەکەوت لە جەماعەت تەنها مونافیقێکی ئاشکرا نەبوولیە ،وە هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) کە یەکێکیان نەخۆش بووایە ئەوا لەنێوان دووکەس دا دەهێنرا لەڕیزی جەماعەت دا ڕادەگیرا)صحیح مسلم.

### ﴿ئەم فەرموودەیەی عبدالله بەڵگەیە لەسەر واجبێتی نوێژی جەماعەت لە چەند ڕوویەکەوە﴾

أ–جەماعەت ، لەوجۆرە سوننەتانەی پێغەمبەرە(ﷺ) کە واجبن و وازهێنانی گومڕا بوونە ،نەك کافربوون.

ب– کەس دوا نەدەکەوت لە جەماعەت مونافیقە ئاشکراکان نەبن ، کەواتە دواکەوتن لە جەماعەت پیشەی مونافیقەکانە نەك بڕواداران.

ج– کەسێك نەخۆشیش بووایە بەدوو کەس دەیان هێنا بۆ جەماعەت (هەر چەندە عوزریشی هەبوو)،بەلاَم ئیمانەکەی ڕێی پێ نەدەدا ئەم شیعارە مەزنە لەدەست بدات و لە گەڵ مونافیقە بێ شەرمەکان بمێنێتەوەو لەماڵ نوێژ بکات.

د– عبد الله ی کوڕی عمر (ﷺ) فەرمووی : (ئێمە هاوەلانی پێغەمبەر (ﷺ) ئەگەر کەسێکمان نەبینیبا لەنوێژی بەیانی و عیشا گومانی خراپمان پێ دەبرد) صحيح الترغيب والترهيب. واتە : گومانی نیفاقیان پێ دەبرد چونکە ئەم دوو نوێژە بە جەماعەت قورسن لەسەر مونافیقەکان و دواکەوتن لێیان پیشەی ئەوانە ، جا نابێت بڕوادار بەوانە بچێت.

## ﴿ڕاست کردنەوەی تێگەیشتنێکی هەڵە﴾

بەڵگەی کۆمەڵی یەکەم و دووەمی زانایان کە دەڵێ جەماعەت واجب نیە لەسەر هەموو پیاوێکی موسڵمانی بێ عوزر بریتیە لەو فەرموودەیە کەدەفەرموێت نوێژی جەماعەت خێری

زیاترە لە نوێژی تاك بە (٢٥) یان (٢٧) پلە .جا دەڵێن لەو حەدیسە دا کە نوێژی تاکیش هەر خێرەو دروستە، بەلاَم وەکو جەماعەت نابێت.جا ئەگەر جەماعەت واجب بوایە ئەوا نوێژی تاك هیچ پاداشتی نەدەبوو! !

## ﴿لەوەلاَمی ئەم تێگەیشتنە هەڵەیەدا زانایان وتوویانە﴾

یەکەم:مەبەست لەم حەدیسەدا ڕوونکردنەوەی پاداشت و پلەی جەماعەتە بەس نەك ڕوونکردنەوەی حوکمەی کە ئایا واجبە یان سوننەتە. وەحەدیسی تری زۆرمان هەیە کە حوکمی جەماعەتمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کەواجبە جگە لەو حەدیسە وەك باسکرا.

دووەم :وەبوونی پاداشت لەسەر نوێژی تاکیش ئەوەی لێ فام ناکرێت کەجەماعەت واجب نییە وتەنها سوننەتە چونکە ئەگەر فەزڵی شتێك درا بەسەر شتێکی تر مانای ئەوە نییە کە (هەرکامێکیان هەڵبژێرێت هەر ببێت) ئەگەر شتە پلە کەمەکە هەڵبژێریت ئەوا شتە پلە بەرزەکەت لەسەر لابچێت و پێویست نەکات بیکەی.

بۆ نموونە: * خوای گەورە کاتێك باسی باوەڕ هێنان دەکات بەخوا ،دەفەرموێت ئەوەتان خێرترە لەباوەڕ نەهێنان﴿ تؤمنونَ بِاللَّهِ ورسولِهِ وتجاهِدونَ فِي سبِيلِ اللَّهِ بِأموالِكُم وأنفُسِكُم ذَلِكُم خير لكُم إِن كُنتم تعلَمونَ ﴾ الصف (١١). جا ئایە باوەڕ نەهێنانیش هەر دروستە ؟! یاخود ئایا باوەڕ هێنان بە خودا تەنها سوننەتەو واجب نییە ؟!

*وە لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت ئەگەر بانگ کران بۆ نوێژی جومعە ئەوا واز لەبازرگانی و کڕین و فرۆشتن بهێنن و بڕۆن بۆ نوێژی جومعە بۆ یادی خوا.

چونکە ئەوتان خێرترە لەنەچوون .﴿ يا أيها الذِين آمنوا إِذَا نودِي لِلصلَاةِ مِن يومِ الْجمعةِ فَاسعوا إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ وذَروا الْبيع ذَلِكُم خير لكُم إِن كُنتم تعلَمونَ﴾ (٩) سورة الجمعة. جا ئایا چوون بۆ جومعە تەنها سوننەتەو نەشچی هەر خێرە ؟!

*وه لەنمونەیەکی تردا خوای گەورە دەفەرموێت کۆمەڵی بەهەشت شوێنیان خێرترە و باشترە لەکۆمەڵی دۆزەخ ﴿أَصحاب الْجنـةِ يومئِذٍ خير مستقَرا وأَحسن مقِيلًا﴾ (٢٤) سورة الفرقان. جا ئایا دەتوانین بڵێین شوێنی هەردوو کۆمەڵەکە هەر باشە بەڵام کۆمەڵی بەهەشت باشترە ؟! نەخێر. کەواتە ئەگەر شتێك پەسەند کرا بەسەر شتێکی تردا بەڵگە نیە لەسەر ئەوەی کە شتە پەسەند لەسەر نەکراوەکەش هەر باش بێت! ! یاخود بێ پێویستت کات لەشتە پەسەند کراوەکە ،ئەوپەڕی دەتوانین بڵێین بەئەنجام دانی نوێژ بەتاکیش نوێژەکە هەر ڕاستەو ئەرکی نوێژەکەی لەسەر لادەچێت ، بەڵام ئەرکی جەماعەتەکەی لەئەستۆ ماوەو گوناهبارەو تاوانێکی گەورەی کردوەو خۆی بەمونافیقان چوواندووەو سەرپێچی لە فەرمانی خوا کردووەو سوننەتی پێغەمبەری (ﷺ) پشت گوێ خستووەو بەرەو گومڕایی ڕۆشتووە.

**﴿گەورەیی خێری نوێژی جەماعەت بەگشتی وبەیانی وعیشا بەتایبەتی﴾**

یەکەم:پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی (هەرکەسێ دەست نوێژ بگرێت بەتەواوی –بە گوێرەی سوننەت–لەپاشان بڕوا بۆ نوێژی جەماعەت و بیکات بەجەماعەت لەگەڵ ئیمام دا ئەوا خوای گەورە لە گوناهەکانی بوراوە)صحیح ابن خُزیمە.

دووەم: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی (هەر کەسێ نوێژی عیشا بەجەماعەت بکات وەك ئەوە وایە نیو شەو شەونوێژی کردبێ ،وە هەرکەسێ بەیانیەکەش بە جەماعەت بکات وەك ئەوە وایە هەموو شەوەکە شەونوێژی کردبێ ) رواه مسلم.

سێیەم: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی (هەر کەسێ لە تاریکی شەودا بچێت بۆ مزگەوت –بۆ جەماعەت– ئەوا لە ڕۆژی دوایی بەڕووناکێکی تەواوەوە بە خوا دەگات ) صحیح الترغیب والترهیب.

چوارەم: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی (هەر کەسێ نوێژی بەیانی بە جەماعەت بکات ئەوا ئەو ڕۆژە لە ژێر چاودێری خوادا دەبێت ) رواه ابن ماجة.

الحمدلله رب العالمین

تێبینی/

یەکەم : عوزری نەچوون بۆ نوێژی جەماعەت بریتی‌یە لە :.

أ– ترس ب– نەخۆشی ج– باران د–ئامادەبوونی خۆراك کاتی قامەت هـ–تەنگاوی.

دووەم : خوێنەری بەڕێز زۆر ووشومان بە(عەرەبی )هێشتۆتەوە لەوەرگێڕاندا چونکە عەرەبی‌یەکە (زاراوەی شەرعین) نزیکترن لە تێگەیشتنی خەڵکی.

سێیەم: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی (هەر کەسێ خێرێك نیشانی خەڵکی بدات ،ئەوا خێری پێ دەگات بەئەندازەی خێری هەموو ئەوانەی کاری پێ دەکەن. )

جا ڕەحمەتی خوا لەو موسڵمانەی کە ئەم نامیلکەیە بلاو دەکاتەوەو نوسخەی تری لێ بلاّودەکاتەوە لە پێناوی خوای گەورە.

**ئامادەکردنی باوکی عبد الحـق**

www.ba8.org